سەنتەری رۆشنبیریو هونەری قەرەچووغ
Qarachux Cultural & Art Center
ژمارە: تایبەت
رۆژ: 16/ 7/ 2005
ناونیشان : هەولێر – مەخموور
060472042 <

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز کاك ( نێچیرڤان بارزانی )
## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سلاّوی رۆشنبیریی و هونەر...

بەڕێز سەرۆکی حکومەت

ئێمە لە دەستەی کارگێڕی ( سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ ) کە چالاّکییە رۆشنبیری و هونەرییەکانمان لە دەڤەری ( مەخموور و قەراج و کەندێناوە و گوێڕ ) ئەنجام دەدەین , لە ڕۆژی ( 12 ) ی ئاداری 2003 بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە پێناو بوژانەوەو بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەریی لەدەڤەرەکەمان , ( سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ ) مان دامەزراند و وەك دامەزراوێکی ڕۆشنبیری و هونەریی بێلایەن و سەربەخۆ دەستمان بەکاروچالاکییەکانمان کرد و لە ڕۆژی 2 / 4 / 2003 بەفەرمانی وەزاری ژمارە ( 1783 ) مۆڵەتی یاسایی کارکردنمان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت و لەدوای پرۆسەی ئازادیشدا ڕاستەوخۆ بارەگای سەنتەرەکەمان گواستەوە شارۆچکەی ( مەخموور ) بۆ ئەوەی لە نزیکەوە خزمەتی جەماوەری دەڤەرەکەمان بکەین و ئێش و ئازار و برینەکانی چەندینساڵەی خەڵکی دەڤەرەکەمان سارێژ بکەین و کەلەماوەی چەندین ساڵەی ڕابردووی دەسەلاّتی ڕژێمی بەعسی ڕووخادا لەبەرامبەریاندا پیادەکرابوو , سەنتەرەکەمان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تاوەکو ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی بارەگاکەی زۆر بچووکە و بە( کرێ ) گرتوومانە , بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دەستەوەستان نەوەستاوین و چالاکی بەردەواممان هەبووەو توانیومانە بزاڤێکی ڕۆشنبیری و هونەریی بهێننینە کایەوە کە ببێتە مایەی سوود گەیاندن بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە ناوچەکەماندا ,

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم نامەکراوەیەدا بۆ بەڕێزت بخەینەڕوو , گرفتی ڕاگرتنی بوودجەی سەنتەرەکەمان کە بەفەرمانێکی وەزاری لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕاگیراوە , بۆ بەرچاوڕوونی بەڕێزتان سەنتەرەکەمان ( سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ ) لە ( 1 ) ی ئایاری 2004

بوودجەیـەکی مانگانـەی بـەبڕی ( 750000 ) حـەفت سـەد و پـە نجا هـەزار دینـار لەلایـەن ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونـەر ) بـۆ دابـین کـرا , دوای ئـەوەی ( 6 ) مـانگ بوودجەکـەمان وەرگـرت و پاشـان یەکـسەر ڕاگـیراو بـەبێ ئـەوەی هۆیـەکی ڕوون و ئاشـکرامان پێڕابگـەیێنن , بـۆ بەدواداچوون لـە هـۆی ڕاگرتنـی بوودجـەی سـەنتەرەکەمان , بـەرپرس و دەسـتەی کـارگێڕی بـەردەوام سـەردانی لایـەنی پەیوەندیـداریان لـە ( وەزارەتـی ڕۆشـنبیری ) و ( پارێزگـای هـەولێر ) و ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر ) کـرد , بـەلام نـەوەلامێکی پێویـستیان دایـنەوە , نـەهۆی ڕاگرتنەکەشیان پێڕاگەیانـدین , بۆیـە بـە پێویـستمان زانـی داواکارییەکـەمان بخەینـە بـەردەم جەنابتان بۆ ئەوەی چارەسەرێکمان بۆ بکەیت و بـە هانـای داواکارییەکەمانـەوە بێیـت , لەبەرئـەوەی باوەڕمەندین بەڕێزت لەمبارەوە هەمیشە درێخیتان نەکردووەو هەردەم لـە پێناو پێشڤەبردنی بزاڤـی ڕۆشنبیری و هونەریی لە کوردستانـدا جـێ پەنجـەتان دیـارەو بڕیارەکانتـان بـۆ خزمـەتکردنی گـەلی کوردسـتان , لەلایـەن خـەڵکی کوردسـتان بەگـشتی و ڕۆشـنبیران و هونەرمەنـدان بەتایبـەتی بـەرز دەنرخێندرێن .

هەر بژین وسەرکەوتووبن بۆ خزمەتکردنی گەلی کوردستان

لەگەڵ ڕێزماندا .

دەستەی کارگێڕی

سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ